# یاسای هاتووچۆ

ژمارە (٨٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٤

## بەشی ژمارە-١-

## پێناسەکان

١- سوارۆ- هەر هۆکارێکی چەرخدار  بڕوات بەهۆی بزوێنەری ئامێری یان بەهێزی جەستەیی یان ڕابکێشرێت بە هەر ئامرازێک ، جگە لەوەی لەسەر ڕێ ی ئاسنی دەڕوات وە ئەمانە دەگرێتەوە.

أ- ئۆتۆمبێل- جۆرێکە لە سوارۆ تەرخانکراوە بۆ گواستنەوە کە بزوێنەری ئامێری لە خۆ دەگرێت بۆ پاڵ پێوەنان .

ب- ئۆتۆمبێلی تایبەت-  تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەسی بە بێ کرێ.

ج- ئۆیۆمبێلی گشتی-  تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کە سی بەرامبەر بەکرێ.

د- ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر- تەرخانکراوە بۆ گواستنەوەی کەل وپەل بە جیاوازی جۆرەکانی وە لە نێوانیدا ئۆتۆمبێلی (بیکاب ) یش لە خۆ دەگرێت .

ە- سوارۆی کشتۆکاڵی- جۆرێکە لە سوارۆی ئامێری بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستەکانی کشت و کاڵ دەڕوات بە هێزی بزۆێنەری ئامێری وەک تەراکتۆر و دروێنەر و هی تر.

و- سوارۆی بیناسازی – سوارۆیەکە بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی بیناسازی دەڕوات بەهێزی بزوێنەری ئامێری وەک حادلە و بەرزکەرەوە و هی تر.

س- ماتۆر سیکلّ- سوارۆێکە دانراوە بۆ گواستنەوە بە دوو چەرخ یان سیان وە سازکراوە بە بزوێنەری ئامێری بۆپاڵ پێوەنان ، وەنەخشەکێشیەکەی لە شێوەی ئۆتۆمبێل ناکات وەنابێت هێزی بزوێنەری کەمتر بێت لە (١٢٥ ) سی سی.

ح- پاسکلّ- سوارۆیە کە دوو یان سێ چەرخی هەیە ، بەڕێوە دەچێت بە توانای سواربووی و سازنەکراوە بە بزوێنەری ئامێری ، و پاسکێلی تەرخان کراو بۆ سۆاربوونی منالاّن ناگرێتەوە ، وە هەر سوارۆیەک کە دەخولێتەوە بە بزوێنەری ئامێری کە قەبارەی کەمتر بێت لە (١٢٥ ) سی سی وە شێوەو قەبارەو نەخشەکێشیەکەی لە پاسکیل بچێت بە پاسکیل دادەنرێت.

گ- عەرەبانە- سوارۆیەکە دانراوە بۆ گواستنەوەی کەسان یان کەرەستە کە بە توانای ئادەمیزاد  یان ئاژەڵ دەڕوات.

ی- سوارۆی ڕاکێشراو- سوارۆیە کە بەبێ بزوێنەر دانراوە بۆ بارهەڵگرتن یان هی تر ، رائەکیشریت بە هۆکاری ئامێری ، کەوا هەردەم لّی ی جیاواز دەبێت ، و ناودەنرێت بە نیو عەرەبانە ئەگەر ئۆتۆمبیلی ڕاکێشەر بەشێک لە کێشەکەی بار بکات

٢- شوفێر- هەر کەسێک سوارۆیەک لێبخورێت بە مۆلەت.

٣- مۆڵەتی شوفێری- بەڵگەنامەی لێخورینی سوارۆیە کە ئەفسەری مۆلەت دەری ئەکا.

٤- ژمێرەری (حاسبە) مۆڵەتی شوفێری- دانراوە بۆ تۆمارکردنی گشت کردارەکانی پەیوەست بە مۆڵەتی شوفێری.

٥- ئەفسەری تۆمار- بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆیە یان بریکارەکەی یان ئەوانەی کە دەست نیشانیان دەکات .

٦- ژمێرەری تۆمار- سیستەمێکە بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردنی گشت هەڵسوکەوتێکی یاسایی کە تایبەتە بە تۆمارکردنی سوارۆ و خاوەنەکەی.

٧- مۆڵەتی تۆمار- بەڵگەنامەیەکە ئەفسەری تۆمار دەری ئەکا بۆ خاوەنی سوارۆ و ئەو زانیاریانەی کە دێت لە خۆ دەگرێت :-

أ- ژمارەی سوارۆ و جۆرەکەی ب- ناوی خاوەنی سوارۆ و ناو نیشانی ج- ژمارەی لاشە

د- ژمارەی بزوێنەر ه- ڕەنگ و- ڕێکەوتی دەرچوونی ز- ڕێکەوتی تەواوبوونیساڵیانە ح- ژمارەی نەفەرەکان یان قورسای بارەکەی گ- مودێل .

٨- تابلۆی تۆمار- تەختەیەکی کانزایە ئەو هۆکارانە هەڵدەگرێت کە سوارۆیەکە جیا دەکاتەوە لە سوارۆیەکانی تر .

٩- ئەفسەری هاتووچۆ- پیاوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە کە هەڵگری پایەی سەرپەڵ (ملازم) بۆ سەرەوە ، وە ڕیپێدراوە لەلایەن وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی کە دەستەڵاتی پێدەدات لەجێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

١٠- ڕێگا- هەر شوێنێکی قیرتاوکراو یان قیرتاونەکراوی نەخشەکێشراو یان بەکاردێت بە شیوەێکی ئاسای بۆ سوارۆکان یان پیادە ، هەروەکو کە دیاری کراوە لە بەشی (١٤) ی ئەم یاسایە ، کە لە وانەیە دابەش بکرێت بۆ هێلی هاتووچوی هەمەجۆر بە ڕۆیشتن بە هەمان ئاراستە یان ئاراستەی پێچەوانە.

١١- شانی ڕێگا (كتف الگريق)- ئەو بەشەی هاوشانی تەنیشت ڕێگایە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

١٢- ڕێگای فریاکەوتن یان ڕێگای پچراو- ئەوەش بەشێکە لە ڕێگا دەکەوێتە هەردوو لاتەنیشتی رووباری ڕێگا ، کەمیک لە ئاستی ڕووباری ڕێگا کە نزمترە یان قیرتاوە یا خۆلە ،پانیەکەی لە ٢،٥ مەتر زیاتر نیە بەکار دەهێنرێت بۆ وەستانی سوارۆیە لە کارکەوتووەکان یان بۆ وەستان بەمەبەستی دابەزین یان بەسەرکەوتنی نەفەرەکان یان بۆ حەسانەوە وە ئەگەر هاتوو ڕێگاکە قیرتاو بوو ئەوا بە هێلیکی درێژی لە ڕووباری ڕێگا کە جیادەکرێتەوە تێیدا لێواری ڕێگا دیاری دەکرێت وەبە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێگاکانی دەرەوە دەبێت.

١٣- ڕێچکە (المسلک)- ڕووباری ڕێگا بەشێوەیەکی ئاسا دابەش دەکرێت بۆ دوو ڕێچکە یەکێکیان بۆ چوون ئەوەی تر بۆ هاتن ، کە ئەویش نێوەی درێژی ڕووباری ڕێگاکەیە ، دیاری کراوبێت یان دیارنەکرا بێت بە هێمایی درێژی لەسەر ڕووی ڕێگاکە.

١٤- ڕێڕەو (الممر )- ئەمەش بە شێکە لە ڕێێچکە ، کە پانتایەکەی ڕێگە دەدات بە تێپەربوونی یەک ڕیز لە سوارۆی شوێن یەک کەوتوو ، وە بە شێوەیەکی ئاسا (٣) سێ ڕێڕەو هەیە ، وە لە هەندێ باردا ژمارەی ڕێڕەوەکان زیاد و کەم دەکات بە پێی جۆری ڕێگاکە.

وە ئەم ڕێڕەوانەش ئەمانەنن :-

أ- ڕێڕەوی لای چەپ – دیاری کراوە بۆ ڕۆیشتن تێیدا بە بەرزترین خێرایی کە یاسا ڕێگەی پێ دەدات ، وە پێچکردن یان تی پەڕبوون بۆ لای چەپ لەلایەن ئوتومبێلەکانی فریاکەوتن.

ب- ڕێڕەوی ناوەڕاست – دیاری کراوە بۆ هاتووچۆ کردن لە نێوان بەرزترین خێرایی و نزمترین خێرایی کە ڕێگە پێ دراوە بە یاسا.

ج- ڕێڕەوی لای ڕاست – دیاری کراوە بۆ هاتووچۆ کردن بە نزمترین خێرایی ڕێگە پێ دراو بە یاسا.

د- ڕێڕەوی ناچاری – ئەویش ئەو ڕێڕەوانەن کە دەکەوێتە ئەو پەڕی لای ڕاست یان چەپ لە ڕێگاکانی خێرا و جیانەکراوەتەوە لە جوولەی هاتووچۆ ، وە هێلی نەپچڕاو و نەخشەکێشراوی هەیە بۆ وەستانی لە ناکاو. (پاڵپشت بە پێناسەی ژمارە ١٢ ).

١٥- دەرچە خۆلاندنەوە- ئەو بەشەیە کە لە ڕێگا هەیە لێک ترازاوە بە شۆستەکانی ناوەراست ، وە تایبەتە بە خۆلانەوەی بە پێچەوانەی ئاراستەی ترِی.

١٦- لەتکەرەکانی ڕێگا- بریتیە لە گشت بە یەک گەیشن یان جیابوونەوە بۆ دوو ڕێگا یان زیاتر.

١٧- وەستان- وەستانی ئەو سوارۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو لەبەر پێویستیەکانی ڕۆیشتن یان بۆ هینانەخوارەوەی یان بە سەرکەوتنی کەسان یان خاڵی کردنەوە یان هەڵگرتنی کەل وپەل ، و دیار دەکرێت بەپێی هیمایەکانی هاتووچۆی تایبەت بەمە.

١٨- پیێچ و پەنا- ئەو جمووجوولەی داواکراوە لە لێخۆرینی سوارۆ و هەڵبژادنی ڕێڕەوی گۆنجاو.

١٩- پێشرەوی هاتووچۆ (مافی ڕێگا ) – واتە پێشرەوی یان باشترین لە بەکار هینانی ڕێگا بۆ سوارۆ لە پێش ئەوەی تر وەک کە دەق لەسەر کراوە لە بەشی (١٧).

## بەشی ژمارە -٢-

## دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری و جۆرەکانی

١- هەر کەسێک کە سوارۆ لێدەخۆری دەبێ مۆڵەتی لێخورینی هەبێ دەرچوو بێ بە ناوی خۆی و پێشکەشی بکات لە کاتی داواکردن لە لایەن ئەفسەری هاتووچۆ .

٢- جۆرەکانی مۆڵەتی لێخورین بە پێی جۆری سوارۆکە دەبێت کە شۆفیرەکە لێیدەخورێ وە وەزیری ناوخۆ ئەم پۆلینە دیاری دەکات وە هەروەها جۆری پۆلینەکە دیاری دەکات لە مۆڵەتی کە دەبەخشرێ بە شوفێری کە ڕێپێدراوە بە لێخورینی ئەم سوارۆیانە .

## بەشی ژمارە -٣ –

# داخوازیەکانی پێویست لە پێ بەخشینی مۆڵەتی شۆفێری

١- مۆڵەتی شوفێری دەبەخشرێت بەو کەسەی ئەو مەرجانەی تیدا بێتەدی کە دێت :-

أ- دەبێت شانزەساڵ لە تەمەنی تەواوکرد بێت بۆ شوفێری ماتۆرسکیل وە بیست ساڵ لە تەمەنی تەواو کردبی بۆ شوفێری ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر یان ئۆتۆمبێلی گشتی و هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ بۆ شوفێری سوارۆکانی تر.

ب- نابێت حوکمێکی دادگای دەرچوو بێت لە دژی بە قەدەغەکردنی لە لێخورینی سوارۆیەکان.

ج- دەبێت پشگیری لە شیاوی تەندروستی بکرێت لەلایەن لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند کە وەزارەتی تەندروستی دایدەمەزرێنێت .

د- دەبێت سەرکەوتوو بێت لە تاقی کردنەوەی هونەری لێخورینی سوارۆ و یاساکانی هاتووچۆ بە پێی جۆری مۆڵەتی کە بە نیازە بە دەستی بێنێ.

٢- لەسەر ئەفسەری مۆڵەتەکانە مۆڵەتی شوفێری پووچەڵ بکاتەوە لە کاتی لە دەست دانی شوفێر یەکێک لە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە برگەی (أ) ،(ب ) ،(ج ) ی ئەم بەشە.

٣- لە کاتی نۆی کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە (ب) و(ج) لە برگەی (١) ی ئەم بەشە رەچاو دەکرێت.

٤- دەکرێت تەنها مۆڵەتی شوفێری تایبەتی ببەخشرێت بە کەسێک عێراقی نەبێت ، بەپێی مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە برگەی (د) ی ئەم بەشە بەمەرجێک لە عێراق نیشتەجێ بێت بە شێوەیەکی دروست بەپێی بەڵگەنامەی نیشتەجێ بوون.

٥- مۆڵەتی لێخورینی دەرچوو و کارپێکراوە لە وولاتانی تر کاری پێدەکرێت لە عێراق بەپێی بنەمای کارپێ کردنی بەرامبەرانە.

٦- ماوەی کارپێکردنی مۆڵەتی لێخورین (٥) پێنج ساڵ دەبێت.

## بەشی ژمارە -٤-

## جگەکراوەکانی دپلوماسی و کۆنسولگەری

فەرمانبەرانی هێلی دپلوماسی و کۆنسلخانەکان لە پێشکەش کردنی بەڵگەکانی جێگیرکراو لە بڕگەی (١- ب- ج - د) ی لە بەشی (٣) ی ئەم فەرمانە جگە دەکرێن ، وە لەسەریانە لە جیاتی مۆڵەتی شوفێری نێو دەوڵەتی یان مۆڵەتی شوفێری ماوە کارپێکراو و دەرچوو لە وولاتەکەی یان وولاتی دایک پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوە بکەن ، ئەمەو بەڵگەنامە لە وەزارەتی سەرەوە وەردەگرن کە ڕێگەیان پێ دەدات بە لێخورینی سواڕۆکان لە عێراق.

## بەشی ژمارە -٥-

## تۆمارکردنی سواڕۆکان

١- گشت سواڕۆکان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی تایبەتمەند تۆمار دەکرێن ، بێجگە لە عەرەبانە و پایسکل یان ئەوەی بە یاسای تایبەت جیا دەکرێتەوە.

٢- مۆڵەتی تۆمارکردنی سواڕۆ نابەخشرێت تاوەکو ڕەوانکاری پشکنینی هونەری نەکرێت بۆ جەختکردن لە بوونی مەرجەکانی توند و تۆلی و دڵنیابوون .

٣- لەکاتی گواستنەوەی خاوەنداریەتی سواڕۆ بۆ کەسێکی تر بەیەکێک لە کارەکانی خاوەنداربوون لەسەر خاوەنی پێشوو و خاوەنی نوێ یان ئەوەی لە شوێنی ئەوان دان بە یاسا ئامادەبن لە پێش ئەفسەری تۆمار و دان پێنان بکەن بە گواستنەوەی خاوەنداری ، و لەسەر ئەفسەری تۆمارە بە بەڵگەکردنی گواستنەوەی خاوەنداری لە ژمێرەر (حاسبە) تۆمار بکات پاش پێدانی فەرمانەی (الرسم ) بڕیارلەسەر دراو لەلایەن هەر دوو لایەن.

٤- وەزیری ناوەخۆ بۆی هەیە یان ئەوەی کە دەستەڵاتی پێدەدات ڕەزامەندی بدات بە چوونی ئەفسەری تۆمار بۆ شوێنی کڕیار یان فرۆشیار لەبەر هۆکاری مرۆی کە ئامادە بوونیان ئەستەم دەکات لە پێش ئەفسەری تۆمار.

٥- بەڵگەنامەکانی تۆمار لە ژمێرەری ئەلکترۆنی یان ئەوانی تر بە بنەما دادەنرێت بۆ سەلماندنی مافی خاوەنداریەتی سواڕۆ و بە بەڵگە دادەنرێت لەسەر خەڵک بەوەی کە تێدا تۆمار دەکرێت ئەگەر تانەی لێ نەگیرێت بە ساختەی.

٦- دادگا تایبەتمەندە بە سەیرکردنی ناکۆکی یەکانی خاوەنداریەتی سواڕۆکان.

٧- گرێبەست نابێت فروشتنی سواڕۆ تەنها ئەگەر هاتوو تۆمار کرا لە فەرمانگەی تۆماری تایبەتمەند لەگەڵ وەرگرتنی شێوەی دەق لەسەرکراو لە بڕگەی (٣) ی ئەم بەشە بێجگە لەوەی کە بە یاسا جیا کراوەتەوە.

٨- ماوەی کارپێ کردنی مۆڵەتی تۆمار (٥) پێنج ساڵ دەبێت.

## بەشی ژمارە -٦-

## فەرمانەی (رسوم) مۆڵەتی شوفێری و تۆمار

بۆ وەزیری ناوخۆ- بەڕێوەبەری گشتی هاتووچۆ هەیە – دەستەڵاتی دیارکردنی بەهای فەرمانەی (الرسوم) تایبەت بە دەرکردن و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری وە تۆماری سوارۆکان ، وە ئەم فەرمانانە (الرسوم) دیاری کراون لە پاشکۆی (أ) ی یاسای هاتووچۆ.

## بەشی ژمارە -٧-

## جگەکراوەکان لە پێدانی فەرمانەی تۆمارکردنی سوارۆکان

ئەوانەی دێن جگەکراون لە پێدانی فەرمانەی تۆمارکردنی سوارۆکان :-

١- سوارۆکانی کە خاوەندارێەتیان دەگەڕێتەوە بۆ میری و فەرمانگەکانی فەرمی و نیمچە فەرمی.

أ- سوارۆکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەرانی هێلی دپلوماسی و قونسلگەری بەپێی بنەمای کارپێ کردنی بەرامبەرانە.

ب- سوارۆکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوەکانی خێرخوازی و ڕێکخراوەکانی کە بۆ سوود مەندبوونی گشتی دادەنرێن کە دیاری دەکرێن لەلایەن وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەستەڵاتی پێدەدات بەپێ یاسا.

ت- سوارۆکانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوەکان و دەستەکانی نێو دەولەتی ، و بە بڕوانامەی کە دەرئەچێت لەلایەن وەزارەتی دەرەوە جیا دەکرێنەوە.

پ- سوارۆکانی کە دێتە ناو عێراق بە تێپەرنامەی سەفەرکردن یان پەڕاوی هاتووچۆکردن کە دەرئەچێت پالپشت بە حوکمەکانی یاسای گومرک وە ڕێگە دەدرێت بەو کەس و سوارۆیە بە مانەوەی لە عێراق بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ، و ئەو سوارۆیانە کە ڕێگەی پێدەدرێت بەهاتنە ژوورەوەی بۆ عێراق بەپێی ئەم بەشە دەبێت ڕێپێدان وەربگرێت لە لایەن ئەفسەری تۆمار.

ج- سوارۆکانی کە بەکاردێت لەلایەن هێزە فرە ڕەگەزەکان هاوڕێک لەگەڵ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## بەشی ژمارە -٨-

## گۆرینی ڕەنگ یان پۆلەکەی (الصنف) لە تۆمارکردنی سوارۆکان

١- لەسەر خاوەنی سوارۆ پێویستە ڕەزامەندی ئەفسەری تۆمار وەربگرێت ئەگەر ویستی ڕەنگی سوارۆکەی بگۆرێ.

٢- لە وانەیە خاوەنی سوارۆ داوا بکا بە گۆرینی پۆلی سوارۆ لە تایبەت بۆ گشتی یان بە پێچەوانەوە و ئەمەش بە پێشکەش کردنی داواکارییێک بۆ ئەفسەری تۆمار دەبێت.

٣- وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە یان ئەوەی ڕێپێیدەدات بە یاسا دەستەڵاتی دەرکردنی بڵاونامەکان و ڕێنمایەکانی زیاد کراو دەر بکا بەمەبەستی ئاسانکاری میکانیزمی (ألیه) تۆمارکردنی سوارۆکان.

## بەشی ژمارە -٩-

## نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری و مۆڵەتی تۆمار

١- ئەگەر شوفێر ئارەزووی نەبێت لە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی شوفێری یان ئەگەر خاوەنی سوارۆ ئارەزووی نەبێت بە نوێ کردنەوەی مۆڵەتی تۆمارەکەی ، لەسەر هەریەکێکیانە هەواڵ بدات بە ئەفسەری تۆمار پێ ی لەگەڵ گەڕاندنەوەی مۆڵەتی تۆمار یان شوفێری بۆ پووچەڵ کردنەوەی و ئاماژە پێ کردنی لە ژمێرەر (الحاسبه) ، وە ناکرێت مۆڵەتی شوفێری یان مۆڵەتی تۆماری کە پووچەڵکراوەتەوە نوێ بکرێتەوە ، لەگەڵ دەستەبەری بەکارنەهێنانی سوارۆکە لە باری پووچەڵ کرنەوەی تۆمارکردنی.

٢- لەسەر میرات گرانی شوفێری کۆچ کردوو پێویستە ئاگاداری ئەفسەری تۆمار بکەن بە کۆچی دوای کردنی بۆ کوژاندنەوەی مۆڵەتەکەی لە ژمێرەر (الحاسبه).

## بەشی ژمارە -١٠-

## دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ لە هەموارکردنی فەرمانەکان (الرسوم )

بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی دەستەڵاتی کەم کردنەوەی یان زیادکردن بکات بۆ بڕی فەرمانە وپێبژاردنەکان بەشێوەیەکی گونجاو و پێویست بۆ دەستەبەری دابین کردنی شیاوی بەپێی باری ئابووری.

## بەشی ژمارە -١١-

## بەکارهێنانی داهاتەکان لە فەرمانە و پێبژاردن

ڕێژەی ٥٠ % پەنجا لە سەد لە کۆی داهاتی فەرمانەی مۆڵەتەکان و فەرمانەکانی تۆمار و پێبژاردنەکانی دەق لەسەر کراوی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت بۆ بودجەی وەزارەتی ناوەخۆ بەمەبەستی بەکارهێنانی وە خەرجکردنی لە پێناوی سەلامەتی هاتووچۆ ، بەلام ڕێژەی ٥٠% پەنجا لە سەدی کە ماوەتەوە دیاری دەکرێت بۆ داهاتی گشتی لە وەزارەتی دارایی.

## بەشی ژمارە -١٢-

## سوارۆی تۆمارنەكراو

نابێت هیچ سوارۆیەكی تۆمار نەكراو هاتووچۆ بكات بێجگە لەوەی كە جیاكراوەتەوە بە یاسا یان بە رێككەتنامە ، وە بۆ ئەفسەری هاتوچۆ هەیە گلدانەوەی سوارۆكە بكات لە كاتی سەرپێچی كردنی تاوەكو مامەلەی تۆماركردنی تەواو دەكات وە خاوەنەكەی گشت خەرجیەكان لەخۆ دەگرێت ، و ئەگەر خاوەنی نەیتوانی سەلماندنی ڕێكەوتی هاتنەژوورەوەی دیاری بكات بۆ عێراق هەواڵە دەكرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گومرگەكان بۆ هەڵسوكەوت پێ كردنی بەپێی یاسا.

## بەشی ژمارە -١٣-

## مەرجەكانی توندو تۆڵی

١- ئەفسەری هاتووچۆ دەستەلاتی ڕاگرتن و پشكنینی هەیە بۆ هەر سوارۆیەک كە مەرجەكانی تۆندو و تۆڵی و دڵنیابوونی تێدا نەبێت.

٢- مەبەست لە مەرجەكانی توندو و توڵی و دڵنیابوون تایبەت بە سوارۆ ، هەبوونی ئەم ئامێرانەی دێت كە دەبێت شیاوی كاركردن بێت بەبێ كەم و كوری هونەری.

أ- بزوێنەر. ب- چەرخی (سوكان) پێچكردنەوە و ئەبێ لەلای چەپ بێت. ت- چرای (لایت) پێشەوە و دواوە و هێماكانی ڕووناكی. پ- ئامێری ئاگاداركردنەوەی لێكچووی ئەوەی كە لە سوارۆكە هەیە لەسەرچاوەی دروست كردنی . ج- ئامێری كپ كردنەوەی دەنگ. ح- ئامێری وەستێنەر (هاند بریک). خ- ئاوێنەكانی تەنیشت و دواوە.د- فلچەی سرینەوەی باران.ژ- چرای تایبەت بۆ خوێندنەوەی تابلۆی تۆمار بە شەو. ر- دەبێت جامی شووشەی كە لە سوارۆكە هەیە لەو جۆرە بێت لە كاتی شكانی پەرش و بلاو نەبێت بە شێوەی پروشک.

٣- مەبەست لە مەرجەكانی توندو وتۆڵی و دڵنیابوونی تایبەت بە ماتۆرسكیل هەبوونی ئەم ئامێرانەی كە دێت وە دەبێت شیاوی كاركردن بێت بەبێ كەم و كوڕی هونەری .

أ- بزوێنەر. ب- ئامێری وەستێنەر. ت- ئامێری ئاگاداركردنەوەی لێكچوونی ئەوەی كە لە سوارۆكە هەیە لە سەرچاوەی دروست كردنی. پ- چرای (لایت) پێشەوە و دواوە و هێماكانی ڕووناكی. ج-ئامێری كپ كردنی دەنگ. ح- ئاوێنەكانی تەنیشتی كە یارمەتی دەدات لەسەر بینینی دواوە .

٤- مەبەست لە مەرجەكانی توندو تۆڵی و دڵنیابوونی تایبەت بە سوارۆیە كشتوكاڵی و بیناسازیەكان ئەم ئامێرانەی كە دێت وە دەبێت شیاوی كاركردن بێت بەبێ كەم و كوڕی هونەری.

أ- بزوێنەر. ب- ئامێری وەستێنەر (هاند بریک ). ت- چەرخی سووڕانەوە (سوكان) یان ئەوەی شۆێنی دەگرێتەوە. پ- چرای پێشەوە و دواوە و تابلوی پێشەوە و دواوە كە هەڵگەڕاوەی تیشكی ڕووناكی بێت.

# بەشی ژمارە -١٤-

# ڕێگا و جۆرەکانی

عێراق خاوەنداری ئەم جۆرە ری◌◌گایانەی خوارەوە دە کات :-

أ- ڕێگای خێرا – (ڕێگای گواستنەوەی خێرا) – ڕێگایەکی گشتی دیاریکراوە بە شیوەی دوو ئاراستە دەبێت یان زیاتر و دارێژراوە بەبێ یەکتر بڕین بۆ کەم کردنەوەی ڕووداوی هاتووچۆ . ب- ڕێگاکانی خێرایی دابەش کراو – ڕێگایەکە دروست کراوە بە دوو ئاراستە جیاکراوەتەوە لە یەکتر بە پەرژینێکی پارێزەر یان هەر شتێکی تر چوونە دەرەوە و هاتنە ناوەوەی بۆ سوڕانەوە بۆ دانەرێژراوە جگە لە سوارۆکانی فریاکەوتن نەبێت.ت-ڕێگاکانی لاوەکی – ئەوە بۆ پیادە دانەرێژراوە بەڵکو بۆ پاسکیل یان هەر سوارۆیەک کە دەڕوات بە کەمترین ڕێژە لە سنوری خێرای. پ- ڕێگاکانی دەرەوە- ئەو ڕێگایانەن کە پارێزگاکان ئەبەستەوە بە یەکتر.ج- ڕێگاکانی ناوەوە- ئەو ڕێگایانەن کەلە ناو شار هەن و دابەش دەکرێن بۆ سەرەکی و لاوەکی وە ڕێگاکانی سەرەکی بەوە جیادەکرینەوە لە لاوەکی پانتای زیاترە ڕێگە دەدات بە تێپەڕبوونی هاتووچۆی زیاتر.ح- ڕێگا خزمەتگوزاریەکان- بۆ خزمەتگوزاری ناوچەکانی دەوروبەرە وە دیاری کراو دەبێت (دیاریکراو لێک ترازاو دەبێت لە ڕێگایەکانی سەرەکی) .

# بەشی ژمارە - ١٥-

# ڕێنمایەکانی لێخورین

گشت بەکارهێنەرانی ڕێگا لەسەریان پێویستە پابەند بن بە بنەمای تێپەڕبوون و هاتووچۆ کردنی دەق لەسەرکراو لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە.

# بەشی ژمارە -١٦-

# بنەماکانی تێپەڕبوون و هاتووچۆ کردن

بەکارهێنەرانی ڕێگا دابەش دەکرین بۆ (٣) سێ بەش

(پیادە – سوار - شوفێر)

وە ڕێنمایەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی ڕێگا کە ڕاڤە دەکرێت لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە.

## بەشی ژمارە -١٧-

## پێشینەکانی هاتووچۆ

١- پێشینەکانی هاتووچۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

أ-هێمای دەستی پیاوی هاتووچۆ لەسەر هێماکانی رووناکی (ترافیک لایت ) و هێمای رێگاکان و پێشینەی هێماکانی رووناکی لەسەر هێمای رێگاکان. ب- پێشینەی ئۆتۆمبێلی جولاوە لەسەر ئۆتۆمبێلی وەستاو.ت-پێشینەی سوارۆ کە لەرێگای سەرەکی دەروات لەسەر سوارۆی کە لەرێگای لاوەکی دەروات. پ- پێشینەی هاتووچۆی راست لەسەر هاتووچۆی پێچ خواردوو.ج- پێشینەی سوارۆی پێشکەوتوو لەسەر سوارۆی شوێن کەوتوو. ح- پێشینەی سوارۆی کە لە یەکتر برەکانە یان لە گۆرەپانە لەسەر سوارۆی کە دەیەوێت بێتە ژوورەوە بۆ یەکتر برەکان یان گۆرەپانەکە. خ- پێشینەی هاتووچۆی هاتوو لەلای راست لە یەکتر برە کراوەکان.د- پێشینەی سوارۆی کە بە سەردەکەوی لەسەر سوارۆی کە دێتەخوارەوە.ژ- پێشینەی سوارۆی رۆیشتو لە رێرەو لەسەر سوارۆی بە نیازە بگوازێتەوە بۆ رێرەوەکە.ر- پێشینەی هاتووچۆ بۆ شەمەندەفەر یان هەر هۆیەکی تری گواستنەوە کە لەسەر هێلی ئاسن بروات لەسەر سوارۆکانی تر.

٢- پێشینەی ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن لەسەر گشت سوارۆکان لە کاتی بوونی ئەرکێکی لە ناکاو وە سوارۆکانی فریاکەوتن ئەمانەن :-

أ- ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن. ب- ئۆتۆمبێلەکانی ئاگر کوژێنەوە و رزگارکردن. ت- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس. پ- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسی هاتووچۆ. ج- ئۆتۆمبێلەکانی بەشدار بوو لە کەژاوە فەرمی یەکان. ح- سوارۆکانی ئەندامانی هێزە فرە رەگەزەکان ئەوانەی کاردەکەن بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوەی یەکگرتووەکان . خ- سوارۆی ئاسایی کە بەکاردێت وەک سوارۆی فریاکەوتن.

٣- پێشینەی پەرینەوە بۆ پیادە ئەوانەی لەسەر شوێنی پەرینەوەن لەسەر سوارۆکان.

٤- لەکاتی بوونی کارکردن لە بەشێک لە رێگای رووبەروو وە بەپانی دوو رێرەو پێشینە بۆ ئەو رێرەوە دەبێت کە کاری تێدانیە .

## بەشی ژمارە -١٨-

## هێماکانی هاتووچۆی نێو دەوڵەتی

گوێ رایەلی پابەندبوون بە هێماکانی هاتووچۆی نێو دەوڵەتی دەکرێت و لە نێوانیاندا هێماکانی سەر زەوی و دەستنیشان کراو کە دەقی لەسەرکراوە لەو رێکەوتنامە نێو دەوڵەتیانەی کە عێراق لایەنەکە تییدا.

## بەشی ژمارە -١٩-

بۆ وەزیری ناوخۆ – بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ – دەستەلاتی دانانی پێبژاردنی تایبەت بە سەرپێچیەکانی هاتووچۆی هەیە. ئەم پێبژاردنانە لە پاشکۆی –أ- ی ئەم یاسایە باسکراوە.

## بەشی ژمارە-٢٠-

## دەستەڵاتی پۆلیسی هاتووچۆ و مافی پێداچوونەوە

١- هیچ ئەفسەرێکی پۆلیس مافی ئەوەی نیە لە نێویاندا ئەفسەری پۆلیسی هاتووچۆ بە داواکردن یان وەرگرتنی پارە یان پێدانی بۆ هەر جۆریک لە سەرپێچیەکانی هاتووچۆ ، و گشت پارەکانی پێبژاردن ڕاستەوخۆ دەدرێتە ئەفسەری ژمێریاری لە بارەگای کەرت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری ئەنجامدانی سەرپێچیەکە.

٢- بۆ ئەفسەری هاتووچۆ هەیە وەک پێناسەی بۆ کراوە لە بەشی یەکەم (١) لە برگەی (٩) ی ئەم یاسایە لە بوونی دەستەلاتی دادوەری کەتن بۆ سەپاندنی سزاکان لەسەر سەرپێچیەکانی کە لە پێشی ڕوودەدات کە دەقی لەسەرکراوە لە برگەی (٢٧) لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە ، هەرچی سەرپێچیەکانی تری یاساکە کە هەیە و سزاکەی بەندکردنە سەیر دەکریت لەلایەن دادگای تایبەتمەند (نەوەک لیژنەی پێداچوونەوە ).

٣- لەکاتی نەدانی پێبژاردنی سەپێنراو لە ماوەی دەق لەسەر کراو لە برگەی (١) ی ئەم بەشە ، بڕی پێنژاردنەکە دوو بەرامبەر دەکرێت وە بۆ یەک جار و دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت لە بەرایەکانی سوارۆ لە ژمێرەر (الحاسبە).

٤-بۆ شۆفیری سەرپێچی کار هەیە مافی تانە گرتن بکات لەسەر بڕیاری حوکمی سەرپێچی سەپێنراو لەلای لیژنەی تانەگرتن کە پێک هێنراوە لە فەرمانگەی هاتووچۆی تایبەت پاش دانی بڕی (٥٠٠٠) پینج هەزار دینار (وەک فەرمانە). وە وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە لیژنەی تانەدانی هەیە وە دیاری کردنی ئەندامانی لیژنەی تانەدان لەلایەن وەزیری ناوخۆ دەبێت یان ئەوەی ڕێپێیدەدات بە یاسا ، ئەمەو ئەندامانی لیژنەی تانەدان بەم شیوەیە دەبێت کە

دێت :-

*ئەفسەرێک لە کاروباری ناوەخۆ. * نوێنەرێکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری. * نوێنەرێک لە کۆمەلگا. مافی سەرپێچیکار لە تانە گرتن نامێنیت لە ماوەی دوو هەفتە لە ڕێکەوتی سەرپێچی کردن وە بۆ لیژنە هەیە مافی هەموارکردن یان هەلۆەشانەوە یان پەسند کردنی لەسەر پێبژاردنی سەپێنراو بکات.

٥- بڕیاری حوکم دادەنریت لەسەر جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل لە کاتی ئامادە نەبوونی شوفێر ، وە شوفێری سەرپێچیکار بە بڕیاری حوکم ئاگادار دەکرێت لەگەڵ وەرگرتنی وینەیەک لە کاتی ئامادەبوونی ، و لە کاتی گوێ ڕایەڵ نەبوونی یان خۆ دزینەوەی لە پێ ئاگاداربوونی و وەرگرتنی بڕیاری حوکم ئەژمار دەکریت بە ئاگاداربوو بە بڕیارەکە.

٦- ئەگەر شوفێر یەکێک لە سەرپێچیەکانی دەق لەسەرکراو لەبرگەی (٢٧) بیست و حەوت لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە ئەنجامدا کاتێک ئۆتۆمبێلێکی لێدەخوڕێ تایبەت بە فەرمانگەیەکی فەرمی یان نیمچە فەرمی و پێبژاردنی نەدا لە ماوەی دیاریکراو ئەوا فەرمانگەی هاتووچۆ هەڵدەستێت بە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەکەی بە دانی پێبژاردنی سەپێندراو لەسەری پاشان فەرمانگەکەی هەڵدەستی بە بڕینی لە مووچەکەی وە بڕی پارەکە دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند.

٧- ئەگەر شوفێر یەکێک لەسەرپێچیەکانی دەق لەسەرکراو لە برگەی (٢٧) بیست و حەوت لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە لەکاتی لێخورینی ئۆتۆمبێلێکی هەڵگری تابلۆی هاتنە ژوورەوەی گومرگی کاتی ئەنجام بدات و پێبژاردنەکەی نەدا لە ماوەی دیاری کراو ئەوا فەرمانگەی هاتووچۆ هەڵدەستیت بە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی گومرگ بەمەبەستی وەرگرتنی بڕی پێبژاردنە کە لە شوفێر وە ڕەوانەکردنی پارەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبە تمەند.

## بەشی ژمارە -٢١-

## شوفێری بێ مۆڵەت

١- سزا دەدریت بە بەندکردن ماوەی کەمتر نەبیت لە (یەک مانگ) و زیاتر نەبیت لە (شەش مانگ ) هەرکەسێک سوارِۆ لێبخورێت بەبێ مۆڵەتی شوفێری ، یان مۆڵەتی شوفێری لێ کیشراوە یان هەڵوەشاوە یان تایبەت نەبێت بەجۆری سوارِۆکە.

٢- سزا دەدرێت بەبەندکردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (یەک مانگ) و زیاتر نەبێت لە (شەش مانگ) یان بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (سەد هەزار دینار) و زیاتر نەبێت لە (سەد وپەنجا هەزار دینار) یان بە هەردوو سزاکە دەست خەرە سەر سوارِۆ (خاوەنی بێ یان وە دەست هێنی بێ) ئەگەر ڕێگە بدات بەکەسێک کە مۆڵەتی شوفێری نەبێ بە لێخورینی ئەو سوارِۆیە.

## بەشی ژمارە -٢٢-

## لێخورین لەژێر کارێگەری سەرخۆشی یان بێ هۆشکەری

١- سزا دەدرێت بە بەندکردن ماوەی کەمتر نەبیت لە (سێ مانگ) وە زیاتر نەبێت لە (یەک ساڵ) یان پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (سێ سەد هەزار دینار ) وە زیاتر نەبێت لە (پێنچ سەد هەزار دینار ) یان بە هەردوو سزایەکە لەگەڵ گلدانەوەی سوارِۆکە بۆ ماوەی (سالێک) هەر کەسیک سوارِۆکەی لێبخورێ لە ژێر کاریگەری سەرخۆشی یان بێ هۆشکەر ، وە دەکرێت مۆلەتی شوفێریەکی لێ بکێشرێتەوە بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە (دوو مانگ) و زیاتر نەبێت لە (یەک ساڵ).

٢- لە باری گەرانەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانی دیاریکراو لە برگەی (١) ی ئەم بەشە لە ماوەی سالێک لە ڕێکەوتی دەرچوونی حوکمی کۆتایی لەسەری ، سزایەکە دەبێتە بەندکردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (شەش مانگ) و زیاتر نەبێت لە (یەک ساڵ) یان بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (پێنچ سەد هەزار دینار) و زیاتر نەبێت لە (یەک ملیون دینار ) یان بە هەردوو سزایەکە وە لێ کێشانەوەی مۆڵەتی شوفێری ماوەی کەمتر نەبێت لە (شەش مانگ) و زیاتر نەبێت لە (یەک ساڵ) لەگەڵ گلدانەوەی سوارِۆکە بۆ ماوەی (یەک مانگ ).

## بەشی ژمارە -٢٣-

## لێخورین بە کەمتەرخەمی وسەرشێتی

١- سزا دەدرێت بەبەندکردن ماوەی کەمتر نەبێت لە(شەش مانگ) و زیاتر نەبێت لە (دووساڵ) یان بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (چوارسەد هەزار دینار ) و زیاتر نەبێت لە (یەک ملیون دینار ) یان بە هەردوو سزایەکە ، هەرکەسێک زیان بگەێنیت بە کەسێک یان مۆلک و ماڵی ، بەهۆی لێخورینی سوارِۆ ، وەببێتە هۆی ئازار یان نەخۆشیەکی گەورە یان شێواندێکی بەردەوام لەبەر ڕەچاونەکردنی بۆ یاساکان و سیستەمەکان و بلاونامەکان.

٢- سزایەکە دەبێتە بەندکردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (یەک ساڵ ) و زیاتر نەبێت لە (سێ ساڵ) یان بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (پێنج سەد هەزار دینار) و زیاتر نەبێت لە (یەک ملیون دینار) یان بە هەردوو سزایەکە ئەگەر هاتوو تاوانەکە لە کاتی لێخورینی سوارِۆکەی بەهەڵەشەیی و گاڵتەپێکردن ئەنجامیدا ، یان شوفێرەکە لە ژێر کارێگەری

سەرخۆشکەرێک بێت ، یان هەڵنەستێت بە یارمەتیدانی ئەو کەسەی کە تاوانەکەی لەسەرکراوە ، یان داوای یارمەتی بۆ نەکرد لەگەڵ ئەوەی لە توانایدا هەبوو .

## بەشی ژمارە -٢٤-

## هۆکاری مردن بەهۆی جەربەزەیی کردن لە لێخورین

١- سزا دەدرێت بە زیندانی کردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (پێنج ساڵ) وە زیاتر نەبێت لە (حەوت ساڵ) ، وە بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (یەک ملیون دینار ) وە زیاتر نەبێت لە (یەک ملیون و پێنج سەد هەزار دینار) هەرکەسێک ببێتە هۆکاری مردنی کەسێک لە ئەنجامی لێخورینی سوارۆ لەبەر ڕەچاونەکردنی یاساکان و سیستەمەکان و بڵاونامەکانی تایبەت مەند.

٢- سزایەکە دەبێتە زیندانی کردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (حەوت ساڵ) وە زیاتر نەبێت لە (دە ساڵ) وە بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (یەک ملیون و پێنج سەد هەزار دینار ) وە زیاتر نەبێت لە (سێ ملیون دینار ) ئەگەر هاتوو لە تاوانی ئاماژەپێکراو لە برگەی (١) ی ئەم ماددەیە مردنی زیاتر لە یەک کەسی لێبکەوێتەوە یان مردنی کەسێک وە زیان گەیاندیان نەخۆشیەکی گەورە یان شێواندنێکی بەردەوام بە زیاتر لە یەک کەس .

٣- سزا دەدرێت بە زیندانی کردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (حەوت ساڵ) وە زیاتر نەبێت لە (دەساڵ) ، وە بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە (سێ ملیون دینار) و زیاتر نەبێت لە (پێنج ملیون دینار ) هەر کەسێک ببێتە هۆی مردنی کەسێک لە ئەنجامی لێخورینی سوارۆ بە کەم تەرخەمی یان سەرشێتی وە لە ژێر کاریگەری سەرخۆشی یان بێ هۆشکەری بوو بێت ، یان هەڵبێت بەبێ هەواڵدانی بۆ دەستەڵاتدارانی تایبەتمەند بە ڕووداوەکە.

٤- سزاکە دەبێتە زیندانی کردن ماوەی کەمتر نەبێت لە (دە ساڵ) و زیاتر نەبێت لە (بیست ساڵ) وە بەپێبژاردن کەمتر نەبێت لە (پێنج ملیون دینار ) وە زیاتر نەبێت لە (حەوت ملیون دینار) ئەگەر هاتوو تاوانی دیارکراو لە برگەی (٣) ی ئەم ماددەیە مردنی زیاتر لە یەک کەسی لێ بکەوێتەوە یان مردنی کەسێک وە زیان گەیاندن یان نەخۆشییێکی گەورە یان شێواندنێکی بەردەوام بە زیاتر لە یەک کەس بگەیێنێت.

## بەشی ژمارە -٢٥-

## ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ تێپەڕبوونی پیادە

١- بەباری توندکردن بۆ سزاکانی دەق لەسەرکراو لە بەشەکانی (٢٣ و ٢٤ ) ی ئەم یاسایە دادەنرێت ، ڕوودانی ڕووداو لە ناوچەکانی تەرخانکراو بۆ پەڕینەوەی پیادە لە ڕێگاکانی کە هێماکانی ڕێکخستنی پەڕینەوە وە نیشانەکانی لێ دانراوە ، یان دەستپێشخەری نەکردنی شوفێر لە یارمەتی دانی بریندارەکە بە گواستنەوەی دەستبەجێ بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی ، یان پێشکەش نەکردنی یامەتی بە هیچ ڕوێک لە ڕووەکان ئەگەر نەتوانرا بگوازرێتەوە ، یان شوێنی ڕووداوەکەی بە جێ هێشت بەبێ ڕێگە وەرگرتن لە دەسەڵاتی لێکولینەوە.

٢- بە پۆزشی سووک کردن بۆ سزاکانی ناوبراو لە هەردوو بەشی (٢٣ و ٢٤) ی ئەم یاسایە دادەنرێت ، ڕوودانی ڕووداو لە دەرەوەی ناوچەکانی پەڕینەوە ، یان دەستپێشخەری کردنی شوفێر بە گواستنەوەی بریندارەکە دەست بەجێ بۆ نزیکترین

نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروستی یان هەواڵدانی بۆ پۆلیس بە ڕووداوەکە ئەگەر  نەتوانرا بە گواستنەوەی بە هەر هۆیەک بێت.

## بەشی ژمارە  -٢٦-

## دەست درێژی کردنە سەر پۆلیسی هاتووچۆ

١- سزا دەدرێت بە بەندکردن ماوەی زیاتر نەبێت لە (٢) دوو ساڵ هەر کەسێک بەرهەڵستی یان سووکایەتی بە پیاوی هاتووچۆ بکات لە کاتی جێبەجی کردنی ئەرکەکانی یان بەهۆی جێبەجی کردنی ئەرکەکانی.

٢- سزا دەدرێت بە بەندکردن ماوەی زیاتر نەبێت لە (٣) سێ ساڵ هەرکەسێک هەڕەشە و دەست درێژی کردە سەر پیاوی هاتووچۆ لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی یان بەهۆی جێبەجی کردنی ئەرکەکانی .

٣- سزاکە دەبێتە بەندکردن ماوەی زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر ئەفسەرێکی هاتوچۆ لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و ئەگەر هاتوو لە ئەنجامی دەست درێژیەکە برینداربوو یان ئازاری پێگەیشت ، وە ئەوە ڕێگر نابێت لە سەپاندنی هەر سزایەکی توند تر کە  یاسایەکی تر بڕیاری لە سەر بدات لە بریندار بوون  یان  ئازاردان.

## بەشی ژمارە  -٢٧-

## لێ کێشانەوەی مۆڵەتی  شوفێری

دەکرێت بۆ دادگا لە کاتی دەرکردنی بڕیاری تۆمەتبارکردن هاوڕێک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە کە بڕیار بدا بە لێ کێشانەوەی مۆڵەتی شوفێری لە حوکمدراو بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە (یەک ساڵ) وە زیاتر نەبێت لە (سێ ساڵ) وە بۆی هەیە بە بێ بەش کردنی حوکم دراوی بێ مۆڵەت بە لێخورینی سوارۆ لە وەرگرتنی مۆڵەتی شوفێری بۆ ماوەی (سێ ساڵ) دەست پێدەکات لە ڕێکەوتی  کۆتایی هاتنی ماوەی بەندکردن  یان لە ڕێکەوتی حوکم دانی بە پێبژاردن.

## بەشی ژمارە  -٢٨-

## پەیڕەوکردنی سزای توندترین

ئەگەر لە یاسایەکی تر دەقێکی یاسایی هەبوو کە سزایەکی توند تر بدات لە کاتی ئەنجامدانی یەکێک لە کردەوەکانی سزا لەسەر دراوی ئەم  یاسایە ئەوا پەیڕەوی  سزای توند تر دەکرێت.

## بەشی ژمارە -٢٩-

## بەڵگەکانی سەلماندن

بۆ دادگا هەیە پشت ببەستێت بە وێنە و بلاونامە و بڕیارەکانی وەرگیراو بەڕێگای ئامرازەکانی پشکنین و پێوانی پلەی سەرخۆشی ، و ئامێرەکانی چاودێری سەرپێچیەکان و هەروەها هێلکاری شوێنی ڕووداو کە پیاوی هاتووچۆ ڕیکی دەخات کە پلەکەی کەمتر نەبێ لە پلەی (ئەفسەری پۆل ).

## بەشی ژمارە -٣٠-

## ڕێکخستنی پسوولەی لێ کێشانەوەی مۆلەت بۆ ئامادەبوون لە پێش دادگا

ڕێکخستنی پسوولەی لێ کێشانەوەی مۆڵەتی شوفێری لەلایەن ئەفسەری هاتووچۆ بە ئاگادارکردنەوە دادەنرێت بۆ ئامادەبوون لە پێش دادگای تایبەتمەند .

## بەشی ژمارە -٣١-

## زۆرترین ڕێژەی ماوەی گلدانەوەی سوارۆ

ئەفسەری هاتووچۆ دەستەلاتی گلدانەوەی سوارۆی هەیە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە دە ڕۆژ لەکاتی ئەنجامدانی شوفێر یەکیک لەسەر پێچیەکانی دەق لەسەر کراو لە بەشەکانی (٢١ و٢٢ ) یان ( ٢٤ ) وە هەروەها سەرپێچیەکانی دەق لەسەر کراو لە برگەی (٢٣) بیست و سێ لە پاشکۆی (أ) ی ئەم یاسایە.

## بەشی ژمارە -٣٢-

## ڕاکێش کردن و گلدانەوەی سوارۆکان

١- لەسەر پۆلیسی هاتووچۆ پێویستە ڕاکێش کردنی هەر سوارۆیەک بکات کە بڕیار دەدرێت بە گلدانەوەی یان سپاردنی لەلای کەسی سێیەم لەسەر ئەستۆی خەرجی خاوەنەکەی تاوەکو تەواو کردنی ڕەوانکاریەکانی یاسای پاڵپشت بە بڕیاری دادگای یان جێبەجی کردن.

٢- پۆلیسی هاتووچۆ بۆی هەیە دەستەلاتی ڕاکێش کردنی هەر سوارۆیەکی وەستاو بە ڕێگەیەکی پێچەوانەی یاسا بکات کە ببێتە هۆی تەگەرە بۆ جموجۆلی هاتووچۆ وە کرێ ی ڕاکێشانی سوارۆ لەلایەن خاوەنەکەی دەدرێت.

٣- تاقمەکانی (مفارز) هاتووچۆ بەرپرسیار نین لە هەر زیانێک بەبێ ئەنقەست بە سوارۆکە بکەوێت لە کاتی ڕاکێشانی یان گلدانەوەی.

## بەشی ژمارە -٣٣-

## گەیشتن بە ئاشتەوای (سەلامەتی ) هاتووچۆ

وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەستەلاتی پێدەدات بەپێی یاسا بۆی هەیە دەسەلاتی پێکهێنانی لیژنەکان بکات بۆ سەرپەرشتی و پێشخستنی ئاشتەوای هاتووچۆ.

## بەشی ژمارە -٣٤-

## جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای هاتووچۆ

١- بۆ وەزیری ناوخۆ یان ئەوەی دەستەلاتی پێدەدات بە پێی یاسا بلاونامە و رینمایەکان دەربکات لە کاتی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٢- بۆ بەرێوەبەری هاتووچۆی گشتی هەیە دەستەلاتی دەرکردنی بلاونامە و رێنمایەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات لەم بارانەی دێت :-

أ- دیارکردنی ئاراستەی هاتووچۆ لە رێگاکانی گشتی و دیارکردنی جموجولی سوارۆکان.

ب- دیارکردنی رووبەر و شێوەی مۆلەتی تۆمار و مۆلەتی لێخورین وە رەنگیان و ناوەرۆکەکەیان.

ت- پەیرەوکردنی حوکمەکانی رێکەوتنامە نێو دەولەتیەکان کە پەیوەندی هەیە بە هاتووچۆ و هێماکانی هاتووچۆ لە رێگاکانی گشتی دا ئەوەی کە ریکخراوە یان ئەوەی کە کۆماری عیراق دەچێتە پالی.

پ- تاقیکردنەوەی داواکاری مۆلەتی شوفێری وە زانیاریەکانی کە تاقیکردنەوەی لەسەر دەکرێت.

## بەشی ژمارە - ٣٥-

## هۆشیارکردنەوە بە سەلامەتی هاتووچۆ

١-بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان هەل ئەستی بە رێکخستنی هەفتەیەک لە هەموو سالێک بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان بەخواستی رێکحستنی هاتووچۆ و کەم کردنەوەی رێژەی کارەساتەکان.

٢-بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکان بە بەشداری کردن لەگەل فەرمانگە پەیوەندیدارەکان هەل دەستێت بە ئامادەکردنی هێمای پێ زانین وە بەو شوفێرانە دەبەخشرێت کە سەرپێچیان ئەنجام نەداوە بۆ ماوەی (٢٠) بیست سال لە بەردەوام بوونیان لەپیشەی شوفێری.

## بەشی ژمارە - ٣٦-

## دەرکردنی ڕێنمایەکان لەلایەن وەزیری ناوخۆ

وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایەکان و سیستەمەکانی هەیە کە پەیوەندداره بەم کارانەی کە دیت :-

أ- فێرکردنی (پیشەی) لێخورینی ئۆتۆمبێل.

ب- گۆرەپانەکانی تایبەتی بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێل.

ت- ڕووبەری تابلۆی تۆمار و ڕەنگی و نووسینی ژمارەکانی و هێمایەکانی کە تییدایە وە شوێنی چەسپاندنی و لایەنی بەرپرس لە دروستی کردنی و چەسپاندنی.

## بەشی ژمارە - ٣٧-

## هەڵوەشاندنەوەی  یاساکانی هاتووچۆ

ئەم یاسایە هەڵدەستیت بە کیشانەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی هاتووچۆی پێشوو و ئەویش یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨) ی سالی ١٩٧١ وە هەموارەکانی کە لە هەر سەرچاوەیەک بیت وە لە نێویاندا بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزارەتی ناوخۆ و  فەرمانگەکانی  بەرێوەبەرایەتی  هاتووچۆی  گشتی.

## بەشی ژمارە -٣٨-

## ئەم فەرمانە دەچیتە بواری جیبەجی کردن و دەبێتە کار پێ کراو لە ڕێکەوتی واژووکردنی.

پاشکۆی –أ-

ری◌ِ◌ْنمایەکانی لێخۆرینی سوارۆکان و فەرمانەی تۆمارکردنی سوارۆکان و پێبژاردنەکانی سوارۆکان.

ڕێنمایەکانی تایبەت بە بەکارهێنەرانی ڕێگا

پیادە : ڕێگا لەلایەن پیادە بەکاردەهێنرێت لە باری ڕویشتن بە درێژایی ڕێگا وە دەبێت هاورێک بێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەی کە دێت :-

أ- دەبێت پیادە هەڵسێت بە ڕۆیشتن لەسەر شۆستەی کە لە ڕێگاکە هەیە.

ب- لە باری نەبوونی شۆستە ڕۆێشتن دەبێت لە نزیک قەراغی چەپدا بێت کەوا سەلامەترە بەرەو ڕووی ئاراستەی هاتووچۆی هاتوو بێت وە ئەگەر هاتوو پیادەرۆکان بە کۆمەڵ بوون وا باشترە ڕۆیشتنیان بە شیوەی( یەک لە دوای یەک ) بێت نەوەک  لەسەر شیوەی بەربلاو .

ت- لەوانەیە پیادە بە ئاسانی ببینرێت لە تاریکی  یان لە کەژێکی تاریک ئەگەر هاتوو جلی سپی یان ڕەنگێکی کراوە یان هەڵگەڕاوەی لە بەردا بێت .

٢- پەڕینەوە لە ڕێگا لەلایەن پیادە وە گواستنەوە لەلایەک بۆ لایەکی تر دەبێت هاوڕێک بێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەی کە دێت :-

أ- دەبێت پەڕینەوە لە شۆینەکانی تەرخانکراو بێت بۆ پەڕینەوە ئەویش شوێنەکانی پەڕینەوەی پیادەیە کە هێماکراوە بە هێمایەکانی سەر زەوی یان پردی پەڕینەوەی پیادە ، یان تۆنیلی پەڕینەوەی پیادە یان شوێنەکانی پەڕینەوەی پیادە کۆنترۆل کراو بە هێمای پیاوی هاتووچۆ یان هێماکانی ڕووناکی (ترافیک) ، و لە باری نەبوونی ئامرازێک لەم ئامرازانەی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە ئەوا ڕێگای پەڕینەوەی ئاسودە وەک خوارەوە دەبێت :

(وەستان لەسەر قەراغی شۆستە – سەیری لای چەپ کردن ،پاشان ڕاستە-پاشان چەپە، وپەڕینەوە ئەبێ بە سووکی و بەپەلە بێت بەلام ئەگەر هاتوو ڕێگاکە بەربەستی ناوەڕاستی تێدابێت ئەوا دووبارە ڕێگای پەڕینەوەی ئاسودە ئەنجام دەدرێت بە سەیرکردنی بۆ لای ڕاست ولای چەپ پاشان بۆ لای ڕاست.

ب- نەپەڕینەوە لە پێش ئۆتۆمبێلە وەستاوەکان چونکە ئەستەمە پیادە ببینرێت لە لایەن شۆفێرەکانی تر.

ت- لەکاتی پەڕینەوە لە ڕێگایەک یان لە ڕێرەوێکی یەک ئاڕاستە دەبێت دڵنیایی بکرێت لە ئاڕاستەی ڕۆیشتن.

پ- پەڕینەوە بە شەو باشتر وایە لە نزیک گڵۆپەکانی ڕووناک کەرەوەی ڕیگا بێت.

٣- سوار (نەفەر) : ئەم بنەمایانەی دێت ڕەچاو دەکرێت لەلایەن نەفەر لەکاتی سەرکەوتن بۆ ئۆتۆمبیل یان دابەزین لێ ی.

أ- دانەبەزین یان سەرنەکەوتن بۆ ئۆتۆمبیلْ گەر بە تەواوتی نەوەستابێ ، و دەبێت لە شوێنی تایبەتی وەستا بێت کە بۆی تەرخان کراوە ، وە دەبێت سەرکەوتن یان دابەزین بەڕێکی بێت.

ب- ئەگەر نەفەر (سوار) ویستی بپەڕێتەوە پاش دابەزینی لە پاس ، پێویستە چاوەڕوان بکا تاوەکو پاسەکە دەڕوات بۆ ئەوەی بینینی بۆ ڕیگاکە ڕوون بێت.

ت- لەسەر نەفەر (سوار) پێویستە ئاگاداری شوفێری بەکرێ گیراو بکات پێش ماوەیەکی گونجاو بۆ دابەزین تاوەکو بتوانێت بە ئاسودەیی بوەستێت .

٤- شوفێری سوارۆکان : ئەم بنەمایانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن لەکاتی

شوفێری :-

أ- دەبێت شوفێر لە بارێک بێت توانای شوفێری و زاڵبوونی تەواوی هەبێت لەسەر هۆکاری گواستنەوەکە ، وە پارێزگاری کردن لە مەودای بینینی تەواو بۆ ڕێگا و جولەی هاتووچۆ .

ب- دەبێت چەرخی ڵیخۆڕین بە هەر دوو دەست بگیرێت .

ت- پابەندبوون بە سنوری یاسایی دیارکراو بۆ خیرایی .

پ- پابەندبوون بە هێماکان و نیشانەکانی هاتووچۆ ، و هەروەها نیشانەکانی دەستی پیاوی هاتووچۆو وە جێبەجی کردنی.

ج- دڵنیابوون لە کارکردنی ڕووناک کەرەوەی پێشەوە و دواوە لە کاتی شوفێری بەشەو.

ح- نابێت ڕووناکی بەرز بەگەڕ بخرێت لە کاتی ڕووبەڕوو بۆن لەگەڵ ئۆتۆمبێلی تر یان لە کاتی نزیک بوون لە ئۆتۆمبێلی پێشکەوتوو .

خ- بەکارنەهێنانی ئامێری ئاگادارکردنەوە (هوورن) تەنها لە بارەکانی کە پێویست دەکات بۆ بەکارهێنانی یان ڕزگار بوون لەمەترسی لەناکاو .

د- بەکارهێنانی پشتێنی دڵنیابوون به تایبەتی لە ڕێگاکانی دەرەوەو و خێرا.

ژ- بەجێ هێشتنی مەودای پێویست لە نێوان ئۆتۆمبێل و ئۆتۆمبێلی پێشکەوتوو و گرنگی ئەم ماوەیە زۆر دەبێت ئەگەر هاتوو ڕێگاکە تەڕبێ یان ئەگەر هاتوو لیخۆرین بە خێرایی بوو لە ڕێگای هاتووچۆی خێرا.

ر- دەبێت پێشڕەویی هاتووچۆ بدرێت بە پیادە ئەوانەی کە لەشوێنی پەڕینەوە دەپەڕنەوە کە چاودێرنەکراوە بەهۆی پیاوی هاتووچۆ یان چرای هاتووچۆ (ترفک لایت ).

ز- ڕێگا بدە بە ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە کاتی هەڵسانی بەکاری فریاکەوتنی (لەناکاو) بە بەجێ هێشتنی ڕێڕەوی چەپە.

س- لێخوڕین بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی هەست کردن بە خەو یان ماندوو بوون وە بۆ خۆلادان لەمە دەبێت بۆ هەر کات ژمێرێک لێخۆرین (٥ ) پێنج خۆلەک حەسانەوە هەبیت.

ش- ڕۆیشتن لە سەرەخۆ و بەکارنەهێنانی ئامێری ئاگادارکردنەوە یان زیاد پێ خستنەسەر خێراکەری بن پێ لە کاتی لێخۆرین بەلای ئاژەڵەکان.

٥ – سەرەتای جولەی ڕۆیشتن : پێش سەرەتای جولەپێ کردنی ڕۆیشتنی سوارۆ دەبێت سەیری چوار دەورەی بکا کە لەوانەیە بەر بەستێک هەبێت لە دواوەی ئۆتۆمبێل وە دڵنیا بوون لە باری تایەکان دوای ئەوە کارپێکردنی بزۆینەر وە پۆشینی پشتێنی دڵنیابوون وە پەیڕەوی ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەکرێت .

أ- ئاوێنە : بۆ دڵنیابوون لە خاڵی بوونی ئاڕاستەکانی هاتووچۆ لە ئۆتۆمبیل بە سەیرکردنی ئاوێنەی ناوەوە و دەرەوە دەبێت و هەروەها سەیرکردنی لە ئاراستەی ڕۆیشتن ئەگەر هاتوو ئۆتۆمبێلێکی نزیکی لە جوولە دابوو لەسەر شوفێر پێویستە چاوەڕوان بکات.

ب- نیشانە : پێدانی نیشانەی ڕوناکی چەپە بۆ هەواڵدان بەبەکارهێنەرانی تری ڕێگا لەو جوولەیەی کە پێ ی هەڵدەستێت.

٦ – لێک ڕەتبوون : ئەوەش ڕەتبوونی سوارۆ لە سوارۆیەکەی تر لە لای چەپ وە هاوڕێک لەگەڵ ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەبێت :

١- نەبوونی نیشانە کە قەدەغەی بکات لەلێک ڕەتبوون.

٢- دڵنیابوون کە ڕێگا ڕوون و چۆلەوە بۆ ماوەیەکی پێویست.

٣- بەکارهێنانی ئاوێنەی تەنیشتەکان بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی ئۆتۆمبێل لە ئاڕاستەی هاتووچۆ.

٤- بەکارهێنانی نیشانەکانی ڕووناکی.

٥- دەستکردن بەزیادکردنی خێرایی و ئەنجامدانی لێک ڕەتبوون وە گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ئاسایی.

٧- بارەکانی قەدەغەکردنی لێک ڕەتبوون : لەم بارانەی دێت لێک ڕەتبوون قەدەغەیە.

أ- نزیک شوێنەکانی پەڕینەوەی پیادە.